# پەرلەمانی کوردستان، دامەزراوەیەکی بە بارمتەگیراو

لە (٣١)ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، پەشێوی و گرژی پەرلەمانی گرتەوە، لەدەرەوەی پەیرەو و یاساکاندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا. جێگەی داخە ئەم دامەزراوە گرنگە لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە بەجۆرێك بەبارمتە گیراوە، لەبری ئەوەی ڕۆڵ بگێڕێت لە چارەسەریی پرسە نیشتیمانیەکان و بەدامەزراوەیی کردنی هەرێمدا، کەچی لایەنێك بۆ وەدەستخستنی دەسکەوتە بچوکە حزبیەکانی بەکاری دەهێنێت و ئەوەی تریشیان هەرکات بیەوێت بەئارەزووی خۆی پەکی دەخات. دوای (٣١) ساڵ ئەزموون، دەبوایە ئێستا ئەم پەرلەمانە لەهەرەتی بەهێزی و گەشەسەندنیدا بوایە نەك بەم شێوازە ئەتك و بێبایەخ بکرێت.

بەپێی یاسا دەبوایە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی ئەنجامبدرێت، کەچی لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩) پەرلەمان بە یاسایەك "تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣" تەمەنی خۆی درێژکردەوە و هەڵبژاردنی دواخست، بۆ درێژکردنەوەکە چەند بیانوێکی هێناوەتەوە، وەك: ڕێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی، دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

بەڵام لەراستیدا هۆکارە راستەقینەکانی درێژکردنەوەکە لەوکاتەدا هیچ کام لەو بیانوانە نەبوون کە لە یاساکەدا ریزکرابوون، چونکە ئەو بیانوانەی هێنرابوونەوە دەرەنجام بوون نەك هۆکار، هۆکارە هەقیقییەکان بریتی بوون لە: خراپی رەوشی جەماوەریی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و ترسیان لە هەڵبژاردن کە دەنگ و کورسیەکانیان کەم بێتەوە، هەروەها ململانێی ناتەندروستیان و باوەڕ نەبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات. هەر ئەم هۆکارانەش بوونە مایەی ئەوەی پەرلەمان کەمتەرخەم بێت و بە ئەرکەکانی هەڵنەستێت.

ئەوەبوو بینیمان دوای حەوت مانگ و نیو لە درێژکردنەوەی تەمەنی، پەرلەمان هیچ کام لەو ئەرکانەی جێبەجێنەکرد، نە ڕێگری کرد لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، نە گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی پێکرا، نە ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تەواو کرد، نە تۆمارێکی بایۆمەتری پاك و بێگەردی دەستەبەر کردو نە هیچ ژینگەیەکی سیاسی لەباری رەخساند بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی. بەپێچەوانەوە نەك هەر ئەوانەی نەکرد بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی ماوەیەکی زۆر دانیشتنە ئاساییەکانیشیان پەکخست.

لە گوتاری سیاسی هیچ کام لە لایەنەکاندا ئەوە نابینرێت کە دژ بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کرداریاندا هیچ هەنگاوێك نەبینراوە کە جددی بن لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە. بۆیە ئەوانەی بەرپرسیاری سەرەکیی هاتنەکایەی ئەم رەوشەن، پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم لایەنە سیاسیەکانن، هەریەکەو بەپێی قورسایی خۆیان ئۆباڵە مێژووییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. چونکە ئەوەی لە چەند مانگی رابردوو  و بەتایبەت رەوشی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ ڕوویانداوە، لە بەرێوەچوونی کۆمیدیایەکی سیاسی بترازێ هیچی تر نەبوو! کە هەردوو لایەنی سەرەکیی پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارن! ئەگەر وانیە:

١-بۆچی بەر لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە سازان چارەسەری گرفت و ناکۆکییەکانیان نەکرد؟ تا ماوەی درێژکراوە تەنها بۆ کارە تەکنیکییەکانی کۆمسیۆن بوایە بەمەبەستی هەڵبژاردن.

٢-بۆچی پەرلەمان لە چوار ساڵی رابردوودا هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن؟ هیچنا راستەوخۆ دوای درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بەرلە حەوت مانگ کۆمسیۆنی کارا نەکردەوە؟ چونکە نەنگییەکی گەورەیە بۆ پەرلەمان و لایەنە سەرەکیەکانی نوێنەریان لەو کۆمسیۆنەدا هەیە کە ماوەی چوار ساڵە بەنایاسایی بەرێوەی دەبەن!

٣-بۆچی لە چوار ساڵی رابردوودا نە پەرلەمان و نە هیچکام لە لایەنەکان بەبێ جیاوازی، هیچ هەنگاوێکیان نەنا بەمەبەستی دروستکردنی تۆمارێکی بایۆمەتریی پاك و بێگەرد؟ کەچی لەکاتی بەسەرچووودا باسی لێوە دەکەن؟

٤-بۆچی پەرلەمان ئەو ماوە زۆرەی لەبەردەم بوو کاری نەکرد لەسەر سازانی لایەنەکان بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردن تا بەم شێوەیە بە چارەسەرنەکراوی نەمێنێتەوە؟

٥-ئەگەر دوو لایەنە سەرەکییەکە مەبەستیان ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو! بۆچی ئەو هەموو کاتەیان لەبەردەست بوو بەفیرۆیانداو ڕێکارەکانیان دەستنیشان نەکرد و هەنگاویان بۆ نەنا؟ تا وەکو ئێستا ئیحراجی بەردەم دادگای فیدراڵی نەبن لەسەر یاسایی بوون و نەبوونی هەنگاوی درێژکردنەوەکەی تەمەنی پەرلەمان؟

جگە لەمانە، ئەو دانیشتنەی ئەمرۆ (٢٠٢٣/٥/٢٢) بەرێوە چوو، بەبێ ئەوەی ئەزموون لە هەڵەو ترازانەکانی رابردوو وەربگرن، بەشێوازێکی کۆمیدیانە مێژوویان دووبارە کردەوە، چونکە ئەوەندەی دەست شکاندنەوەی نێوان هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی تیادا بوو، مەبەست و نیەتی چارەسەریی لێ بەدی نەدەکرا. هەر لە دانانی بەرنامەی کار و زیادکردنی بڕگەیەك بەبێ ڕەزامەندی سەرۆك، تا

دەگاتە شێوازی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە کە ئاژاوەو پەشێوی باڵی بەسەردا کێشابوو، لەلایەکی تریشەوە لە کەشێکی گوماناویدا، دوای دواخستن و هەڵگرتنی دانیشتنەکە لەلایەن سەرۆکەوە، بەمەبەستی تێپەڕاندنی بابەتەکە لەلایەن جێگری سەرۆکەوە لەبارێکی نائارامی دەرەوەی پەیڕەودا، درێژە بە دانیشتنەکە دەدرێت و رایدەگەیەنێ گوایە بە دەنگی (٥٨) ئەندام کۆمسیۆنیان کارا کردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیەی رایگەیاند لەگەڵ راستیدا وێك نایەتەوە، چونکە ئەوەندە ئەندامە لەنێو هۆڵدا لەگەڵ بابەتەکە نەبوون!

ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت دەرەنجامی خەمساردی و بێباکیی یەکێتی و غروریی پارتیە کە لەپێناو وەدەستخستنی چەند ئیمتیازێکی بچوکی حزبیانەوە هەرێمیان بەم سەرەنجامە گەیاندوە، ئەم دوو هێزە دەبێت لەو راستیە تێبگەن کە: ئەگەر لە زووترین دەرفەتدا بەخۆدا نەچنەوە و سازان لەسەر کۆی پرسەکان نەکەن، هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامنەدرێت و پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستێت، لێپرسراویەتی ئەو قەیرانانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە رووبەرووی هەرێم دەبنەوە و زۆر دەسکەوتی گەورەتر لەدەست دەدەن، چونکە:

یەکەم: هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە.

دووەم: حوکمرانیی هەرێم متمانەی خۆی بەتەواوی لەسەر ئاستی نێودەولەتی لەدەستدەدات.

سێیەم: ئەزمونی هەرێم لەلایەن دۆست و هاوپەیمانەکانیەوە لەکەدارتر دەبێت.

چوارەم: سۆز و پاڵپشتی دۆست و هاوپەیمانەکان کەم دەبێتەوەو تێڕوانینێکی نێگەتیڤانەتر لەسەر هەرێم دروست دەبێت. بەمەش هەرێمی کوردستان وردەوردە پاڵپشتی دۆستەکانی لەدەست دەدات.

پێنجەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەردەچێت، ئەو موراعات کردنەی کراوە لە درێژکردنەوەو دواخستنی بڕیارەکە کۆتایی دێت.

شەشەم: لە ئەگەری دواخستنێکی تری هەڵبژاردندا هەرێم کێشەی بودجەو موچەی فەرمانبەرانی بۆ دروست دەبێ، چونکە عیراق لەسەر بنەمای یاسایی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێم دەکات، کاتێکیش هەرێم بکەوێتە بۆشایی یاساییەوە گرفت دروستدەبێت.

بۆ ئەوەی هیچیتر تەمەنی پەرلەمان درێژ نەکرێتەوە و لەوە زیاتر ئەزمونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە:

١-بۆ ئەوەی لێکترازانی زیاتر دروستنەبێت، ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەرییە کە بڕیاری کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بەم شێوازەی ئێستا رایی نەکەن.

٢-پارتی و یەکێتی بەتایبەت و لایەنەکانی تر بەگشتی، لەزووترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی لوتکە بکەن و پێداچوونەوە بەکۆی پرسە ناکۆکەکاندا بکەن و سازانی لەسەر بکەن.

٣-پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کۆبێتەوە، بەشێوەیەکی یاسایی کۆمسیۆن کارا بکاتەوە، یا بڕیارێك دەربکات بەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بسپێرێت بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق.

٤-هەنگاوی دووەمی پەرلەمان ئەوەیە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان بکات.

٥-بەپێی یاساو ستاندارتی نێودەوڵەتی، هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی پێکهاتەکاندا بکرێت و لە کێشمەکێشمی بەکارهێنان و ئیستیغلالکردن دوور بخرێنەوە.

٦-کۆی لایەنەکان و دامەزراوە فەرمییەکان ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بکەن.

٧-تۆماری بایۆمەتری عیراق بەکاربهێنرێت و نوێ بکرێتەوەو هەڵبژاردنی پێ ئەنجام بدرێت.

ئەگەر ئەمانە نەکرێن، سەرباری ئەو هەموو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانەی هەن، بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی نائاسایی تر رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، لایەنە بەرپرسەکان ئۆباڵی ئەو لێپرسراوییەتییە مێژووییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بە پلەی یەکەمیش لەرووی یاساییەوە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانەوە، بەتایبەت لە ئێستادا کە وێرای نیگەرانیی هاوپەیمانەکانی، لەلایەن نەیارانی هەرێمەوە جولەیەك لە ئارادایە بۆ بچوککردنەوەو لەقالبدانی حوکمرانییەکەی، ئەگەر وابڕوات رۆڵی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان کەمتر نابێت لە نەیارەکانی. بەمەش ئۆباڵی شکستەکان و لێپرسراویەتیی مێژوویان دەکەوێتە ئەستۆ.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٣/٥/٢٢**